## گۆڕستانی مەلا جامی

کاک قادر فەتاحی قازی بە کارێکی گەورە هەستاوە بەوەی هەندێک زانیاری لەسەر گۆڕستانی مەلا جامی و هەروەها گۆڕستانی گومبەزان و تاقەدار و بەردەرووتانی شاری مەهاباد گردوکۆ کردوە و لە نامیلکەیەکدا بڵاوی کردۆتەوە.

هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی مێژوو و زیندووکردنەوەی ناوی کەسایەتی مێژوویی گەلەکەمان ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەموومانە بەتایبەت کە دوژمنی داگیرکەر بە هەموو توانایەکی شەیتانیی خۆیەوە هەوڵی کوێرکردنەوەی سەرچاوەکان و لە ناوبردنی ئاسەوارەکانمان دەدات و تەنانەت نەک زیندوو، بەڵکوو بەسەر مردووەکانیشمانەوە ناچێت – وەک ئەو کارەی وا "وەرەهرام" لەگەڵ گۆڕستانی مەلا جامی مەهابادی کرد و خاپووری کرد.

باسی نامیلکەی "گۆڕستانی مەلا جامی" لەم زنجیرە وتارەی سەبارەت بە بۆکاندا لەبەر دوو هۆ دەهێنمە گۆڕێ :

- یەکەم، وەک نموونەیەکی کار، کە دەبێ لە بۆکانیش ڕەچاو بکرێت و گۆڕستانە مێژووییەکانی ناو شار، هەروەها تورجان و حەمامیان و باغلووجە و گۆڕستانەکانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و سەرچۆمی مەجیدخان و ... بپشکێنرێن و نووسراوەی سەر بەردە قەبرەکانیان بخوێنرینەوە، بنووسرێنەوە و لە پەیوەندی مێژووی ناوچەکەدا هەڵسەنگێنرێن. بۆ نموونە، ئەو بەردە قەبرە گەورە و نا ئاساییانەی وا لە گوندی شەرەفکەند هەن و خەڵکی گوندەکە بە "قازان خانم" ناویان دەبەن، کە بە ئاشکرا دەبێ هی سەردەمی "غازان خان" و مغوولەکان بن.
- دووهەم، قەبرەکان هەندێکیان هی ئەمیرانی موکرین کە دەزانین بابامیرییەکانی ئەمڕۆی بۆکان و مەهاباد و میاندواو بنەچەکیان دەگەڕێتەوە سەر ئەوان و بەم بۆنەیەوە پەیوەندیان بە مێژووی بۆکانەوە هەیە.

لە لاپەڕە ١٠ و ١١ دا باسی بنەچەکی بنەماڵەی هیدایەتی کراوە، کە ئاغاواتی گوندی حاجیکەند و باپیرانی شەهید سەید ئەبووبەکری هیدایەتین کە دەوڵەتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆمبای بە پۆستە بۆ ناردە ماڵێ و شەهیدی کرد. سەید یەبووبەکر نوێنەری هەڵبژێرراوی خەڵکی بۆکان بوو لە یەکەم دەورەی مەجلیسی شۆڕای دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران.
لە لاپەڕە ٢٠ دا باسی قەبری "شاە پەیکەر خانم" کراوە و لە پەراوێزدا لە زمان نەمر عومەری عەلیارەوە نووسراوە کە شاە پەیکەر خانم هاوسەری مارف ئاغای دێبوکری و خوشکی پاشاخانی مظفرالدولە (شوجاع الملک) بووە.

لە لاپەڕە ٢٤ دا باسی گۆڕی مارف ئاغای کوڕی ڕەسووڵ ئاغا سەرۆکی تایفەی دێبوکری دەکا کە برای عەبباس ئاغای دێبوکری بووە.

لە لاپەڕە ٢٥ دا باسی گۆڕی سوڵتان ئاغای کوڕی هەمان مارف ئاغا کراوە.
لە هەمان لاپەڕەدا باس لە گۆڕی شاعیری ناودار مەلا مارف کۆکەیی دەکرێت کە لە نزیک گۆڕی شێخ زادە بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا هیچ نیشانەیەکی لێ نەماوە.

له هه‌مان لاپه‌ڕه‌دا باسی گۆڕی بابا خه‌لیفه سه‌ید عه‌بدولقادری ئه‌تهه‌ری کراوه و گوتراوه له ساداتی ماوه‌ڵوو بوون له گوندی ئالیکه‌ندی باکووری بۆکان.

قادر فتاحی قازی، "گورستان ملا جامی در مهاباد – به انضمام گوشه‌یی از تاریخ مهاباد"، تبریز، خرداد ماه ۱۳۵۹[۱۹۸۰]، ۲٦ لاپه‌ڕه، فارسی